## لە هۆڵەندا یادی 14ساڵەی دامەزراندنی
## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
## ڕێزی لێگیرا!

بۆ ڕێزگرتن لە یادی 14 ساڵەی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، کۆمیتەی هۆڵەندا لە رۆژی یەکشەممە 29-7-2007 بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبو ژمارەیەک لە دۆستو لایەنگرانو چەند کەسایەتی هۆڵەندی، لە پارکێکی جوانی نزیک شاری هارلم لە ڕۆژئاوای هۆڵەندا سەیرانێکی خنجیلانەی سازکرد.

لە کەناری سەیرانو شادی ئامادەبوواندا، کاتژمێر 15.00 بۆ ماوەی یەک سەعات مەراسیمی ووتارخوێندنەوە دەستیپێکرد. سەرەتا خوشکە(ڕیناتا) بەزمانی هۆڵەندی مەراسیمەکەی کردەوەو بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد.ئینجا (دانا بەهادین) لێپرسراوی کۆمیتەی هۆڵەندا ووتارێکی لەوبارەوە خوێندەوە. لە ووتارەکەیدا وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان چەند گۆشەی پرشنگداری خەباتو تێکۆشانی حیزبی خستەڕوو لەو چەند ساڵەی ژیانی سیاسی حیزبدا. لەوانە سەرەڕای خەبات لەپێناوی دامەزراندنی سۆشیالیزمو بنیاتنانی جیهانێکی باشترو شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە، دەستیخستە سەر خەبات بۆ ڕێکخراوکردنو یەکگرتووکردنی چینی کرێکار، دیفاع لە یەکسانی ژنانو پیاوان، دیفاع لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان، بەرگری لە ئازادی سیاسیو مافە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان، دیافاع لە مافەکانی منداڵان و...تد. دواتر هاوڕێ (تەها مەعروف) ناوەرۆکی ووتەکەی لێپرسراوی کۆمیتەی بۆ ئینگلیزی تەرجومەکرد. ئینجا (حەمەغەفور) ئەندامی کۆمیتەدەرەوەی حیزب باسێکی کورتی هاوڕێ (مەنسور حکمەت)ی بەناوی(ئەگەر دیسانەوە هەر سەرنەکەوتین..چی؟))بە ئامادەبواند ناساند. ئەم باسە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی مەنسور حکمەت کرابوو پێشکەشی کردووەو تیایدا ڕوونیکردۆتەوە کە بەلای ئەوەوە جالب نیە ژیانی سیاسی ئینسانێک هەموو ژیانی ئەو داگیرکات، یا ئەساسەن هەموو ژیانی ئەو سیاسەتکردن بێت! لێرەوە دەچیتە سەر باسەکەیو ڕوونیدەکاتەوە کە شتێکی خەیاڵی نییە ئەگەر کۆمەڵێک ئینسان هەستنو تەسمیمبگرن کە بەربەستێک لەبەردەم ڕووبارێکی گەورەدا درووسکەن، یا ژمارەیەک هەوڵدەن وەبایەکی بنبڕکەن. هەرواش کۆمۆنیستەکان دەیانەوێ عەدالەتێکی واقعی کۆمەڵایەتی بەرقەرارکەن. بۆیە ئەگەر دوای 30ساڵی تر ئەگەر سەرنەکەوتین، ئەوا بە سەربەرزیەوە دەروانینە رابردوومانو ئیفتخاری پێدەکەین. ئێمە هەوڵی خۆمانداو موەفەق نەبووین، باڵام زەخیرەیەکی گەورەمان بۆ نەوەکانی دواتر بەجێهێشتووە کە ئەگەر بیانەوێ ئەو ڕیسالەیە تەواوکەن بەدەستیەوەبگرن. شایەنی ووتنە هاوڕێ (گۆران ڕەشید) باسەکەی بۆ هۆڵەندی تەرجومودەکرد. دواتر هاوڕێ (ڕزگار ساڵح) وتەیەکی کورتی پێشکەش کردو بەدوای ئەویشدا دۆستێکی حیزب بە ناوی (کاک لوقمان) پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

تادرەنگانێک سەیرانو خۆشی ئامادەبووان بەردەوام بوو. لەپاڵ سەیرانو شادیدا گفتوگۆی خۆش لەبارەی حیزبو سیاسەتو کارکردەکانیەوە لەناو ئامادەبوواندا دەکرایەوە. بەمجۆرە لەناو شادیو خۆشی ئامادەبوواندا سەیرانەکە کۆتاییهات.

کۆمیتەی هۆڵەندا
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق
2007-8-2




